# شێخی ئەلبانی

# خزمەتکاری سوننەت

م: صلاح الدين عبدالكريم ?

—

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

تەماشای ئەو ڕووداوانەمان کرد کە ڕووی تێ کردووە لە ژیانیدا لەکاتی سەرقاڵ بوونی بۆ بانگەواز کردن بۆ ڕێگای سەلەف بینیمان وێنەیەکە نزیکە دووبارە بێت لەو ڕووداوانەی کە هاتۆتە ڕێی کاروانی پێشینە چاکەکان لە ئەهلی حەدیس و فەرموودەناسان.

ویستمان وەسفی جیهادو بەرگری کردنی لە سوننەتو تێکۆشانی لە پێناوی سوننەتداو دوورکەوتنەوەی لە سەرقاڵیەکانی دونیادا بکەین، بەڵام پێنوسەکان ووشک بوون و ووشەکان دەستەوەستان بوونو دەستەواژەکانیش ڕاوەستان، وە هیچ شتێکی ترمان نییە تەنها ئەوەندە نەبێت بڵێین: (إنا لله و إنا إليه راجعون) وە ئێمە بە کۆچ کردنی تۆ ئەی زانای فەرمودەناس(شێخی ئەلبانی) دڵ تەنگو خەفەت بارین.

خۆشەویستانمان..... لێرەدا مەبەستمان گرنگی دان نییە بە ژیانی ئەم کەڵە پیاوەو گشتێتی ژیانی، چونکە بۆ ئەم مەبەستە چەندەها دانراوی گەورە بەشی ناکات، بەڵکو بۆ ئەوەی هەوڵو کۆشش دروست بکات لە نەفسەکاندا لەسەر وازهێنان لە دانیشتنو گەیشتن بە کاروانی پێشەوایانی گەورە.

## ژیان و سەرگوزشتەی:

ناوی ناصرالدين کوڕی نوح کوڕی نەجاتی ئەلبانییە، خۆی ناوی محمدی بۆ زیاد کردووە، چونکە ناصرالدين ناوی پاك کردنەوەو پێدا هەڵدانی تێدایە، لە شاری(اشقودرة) لە ئەلبانیا لە ساڵی ١٣٣٢ك بەرامبەر ١٩١٤ز لە دایك بووە.

خۆیو خێزانەکەی لە ئەلبانیا کۆچیان کرد ئەو کاتە تەمەنی نۆ ساڵ بوو، وە لە دیمەشقی پایتەختی سوریا نیشتەجێ بوو، پاشان گواستێوە لە نێوان بەیروتو ئیماراتو مەدینەی منەوەرەوە هەتا نیشتەجێ بوو لە عەممانی پایتەختی ئوردن هەتا تێیدا کۆچی دوای کرد.

گەڕانی بەدوای زانستی شەرعیدا:

واز لە شێخ دێنین (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) کە خۆی سەرەتای ژیانی گەڕانی بەدوای زانستی شەرعیدا بۆمان بگێڕێتەوە.

شێخ دەفەرمێت: یەکەم جار ئەو کتێبە عەرەبیانەی کە سەرقاڵی خوێندنەوەیان بووم بریتی بوو لە چیرۆکە عەرەبییەکان وەکو: زاهیرو عەنتەرەو پاشا سەیفو ئەم جۆرانە.... پاشان چیرۆکە پۆلیسیە وەرگێڕاوەکان وەکو: ئارسین لوبین وجگە لەم، پاشان بەرەو شتی مێژوویی ڕۆیشتم، ڕۆژێکیان لەناو یەکێك لەو کتابە دانراوانە لای فرۆشیارەکانی بەشێکی گۆڤاری(المنار)م بینی و کڕیم، وە چاوم کەوت بە لێکۆڵینەوەیەك بە پێنوسی مامۆستا (رشيد رضا) کە وەسفی پەرتوکی(الأحياء)ی ئیمامی غەزالی دەکات، وە ئاماژە بۆ چاکەکانیو ڕەخنە لێگیراوەکانی دەکات، وە منیش یەکەم جار بوو ڕووبەڕووی وەکو ئەم ڕەخنە زانیارییە ببمەوە ئەمیش ڕامی کێشا بۆ خوێندنەوەی هەموو بەشەکە، پاشان ڕۆیشتم سەرەنجی بابەتی(الأحياء)م داو شوێنی کەوتم لەناو کتابەکە خۆی (الأحياء) وە لەو چاپەی کە خۆی(الحافظ العراقي) تەخریجی کردووە وە خۆم بینیەوە هەوڵم دەدا بۆ ئەوەی بە کرێ وەری بگرم، چونکە پارەی نرخەکەیم نەبوو تا بیکڕم، پاشان ڕووم کردە خوێندنەوەی کتابەکە وە ئەو تەخریجە ووردە ئارەزووی ڕاکێشام هەتا لەبەریم گرتەوە یان کورتم کردەوە، بەم شێوەیە کۆششم کردو هەوڵم دا تاوەکو ڕێگایەکی باشم بۆ دامەزرا کە یارمەتی دام بۆ جێگیر کردنی ئەو زانیاریانە، وە وادەبینم کە ئەم هەوڵ وکۆششەی کە کردم بۆ ئەم خوێندنەوەیە هانمی داو بەردەوامی لەو ڕێگایەدا لەلا خۆشەویست کردم، چونکە خۆم دەبینییەوە پشتم دەبەست بە جۆرەها دانراوی زمانەوانیو ڕەوانبێژیو

دەرخستنی فەرموودەی نادیار بۆ تێگەیشتن لە دەقەکەی لەگەڵ تەخریج کردنەکەی، وە بەرهەمی ئەو لەبەر گرتنەوەو کورت کردنەوەیە چوار بەش بوو لە سێ بەرگدا کە ژمارەی لاپەڕەکانی دەگەیشتە دوو هەزارو دوانزە(٢٠١٢) لاپەڕە لە دوو جۆری جیاوازدا لەخەتدا: یەکێکیان: خەتێکی ئاسایی‌و ئەوەی تریان خەتێکی ووردکار کە زیادەی نوسیبوو لە خوارەوەی تەفسیر یاخود هەستی بە شتێك بکردایە، وە شتێکی تریش زیادو کەم لەگەڵ ئەمەدا ئەویش ئەوەیە کە شێخ لەو کاتەدا بیستساڵی لە تەمەن تەواو نەکرد بوو.

## دوو بەخشش‌و دوو چاکە:

دەربارەی ئەم ئاماژانە شێخ دەفەرمێت: (بەخششەکانی خوای گەورە زۆرە لەسەرم کە ناتوانم بیانژمێرم، بەڵام لەوانەیە لە هەموویان گرنگتر دوویان بێت: کۆچ کردنی باوکم بۆ شام پاشان فێربوونم بۆ ئیشەکەی خۆی سەعات چاککردن) .

یەکەمیان: فێربوونی زمانی عەرەبی بۆ ئاسان کردم کە ئەگەر لە ئەلبانیا بمایناتەوە چاوەڕوانم ناکرد کە یەك پیتی عەرەبی فێربم، وە هیچ ڕێگایەك نییە بۆ تێگەیشتن لە قورئانی خوای گەورەو فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ جگە لە ڕێگای زمانی عەرەبی.

وە دووەمیان: کاتێکی بەتاڵی بۆ دەهێشتمەوە کە بەگەڕان بە دوای زانستی شەرعی پڕم دەکردەوە، وە هەلی بۆم ڕەخساند بۆ بەردەوام چونم بۆ کتێبخانەی(الظاهرية)، جگە لەوەیش چەند کاتژمێرێك لە هەموو ڕۆژێکدا، وە ئەگەر من بەردەوام بوومایە لە پیشەی بازرگانی کەوا یەکەمجار هەوڵم دەدا خۆم ڕابهێنم لەسەری ئەوا هەموو کاتەکەم لەوێ بەسەر دەبردو ڕێگای زانیاریم لەسەر خۆم دادەخست کە دەبێت ئەوەی بە دوایدا بگەڕێت خۆی بۆ یەکلا بکاتەوە.

## بەهێزی لەگەڕان بە دوای زانستی شەرعیدا:

لێرەدا دوو ڕووداو باس دەکەین.

یەکەمیان: توشی چاوئێشە بوو لە ڕۆژگارەکانی سەرەتایدا لەشام، وە پزیشك داوای لێکرد کە مانگێك بمێنێتەوە ئیشی سەعات چاککردن نەکات‌و هیچیش

نەخوێنێتەوە، چەند ڕۆژێك مایەوە پاشان تووشی بێزاری بوو داوای لە یەکێك لە برایانی کرد کە لە پەرتوکخانەی(الظاهرية) لە دیمەشق پەرتوکی(ذم الملاهي)(ابن ابي الدنيا) بۆ کۆپی بکات، ئەویش بۆی کۆپی کرد هەتا گەیشتە شوێنێك کە پەڕەیەکی لێ بزر ببوو کە مانای قسەکەی دەبچڕاند، کاتێك ئەم هەواڵەی بە شێخ گەیاند داوای لێکرد کە بەردەوام بێت لە کۆپی کردنی پەرتوکەکە وەکاتێك کە هەمووی بۆ کۆپی کردو ماوەی چارەسەر کردنەکەیش تەواو بوو شێخ خۆی ڕۆیشت بەدوای ئەو پەڕە فەوتاوە دەگەڕا لە پەڕتوکخانەی (الظاهرية)، بەردەام شێخ بەدوای ئەو پەڕە فەوتاوەدا دەگەڕا بەڵام نەیدۆزیەوە، بەڵام لەو کاتەدا ئەو فەرموودانەی دەنوسییەوە کە ڕادەوەستا لەسەری و پێی دەگەیشت تا زیاتر لە چل(٤٠) بەرگی بەدەستی خۆی نوسییەوە، وە لەم کاتەدا ژمارەی دەست نووسەکان دە هەزار(١٠٠٠٠) دەست نووس بوو.

دووەمیان: هەوڵو کۆشش و بەهێزی لای شێخ گەیشتە ڕادەیەك کە خواردنو خواردنەوەی لە بیر دەکرد، وە دەهات بۆ پەرتوکخانەی(الظاهرية) لە پێش فەرمانبەرانی وە دەردەچوو لە پاش ئەوان، وە کەسو کاری خواردنی بەیانیان بۆ دەهێنا ئەو سەرقاڵی خوێندنەوە بوو، بەم شێوەیە دەمایەوە تا کاتی خواردنی نیوەڕۆ، پاشان خواردنی بەیانیان دەبردەوەو خواردنی نیوەڕۆیان بۆ دەهێنا بەم شێوەیە تا خواردنی ئێوارەیان بۆ دەهێنا( بە بێ ئەوەی لە هیچیان بخوات)، وە ئەگەر لە لێکۆڵینەوە ماندوو ببوایەو نەیتوانیایە دەستی دەکرد بە خوێندنەوە، وە ئەگەر نەیتوانیایە بخوێنێتەوە ئەوا بۆیان دەخوێندەوە، وە هەر کەسێك ئەگەر هەوڵو کۆششی شێخو گورجو گۆڵیو زیرەکی ببینیایە لە پێش نەخۆشییەکەو دوای نەخۆشییەکە جیاوازی نەدەکرد لە سەرەتای ژیانیو کۆتایی.

## گەڕانەوەی بۆ حەق:

وە گەڕانەوەی بۆ حەق شتێکی زانراوە لە شێخەوە وە بەمە ناسرا بوو، وە چەندەها فەرموودە هەیە کە تەصحیحی کردووەو بەهۆی ئەمەوە بڵاو بۆتەوە لە

هــەموو شــوێنێکدا، وە کــاتێکیش بــۆی دەرکــەوتووە کــە لاوازە لــە هەنــدێك لــە قوتابیانییـــەوە لێـــی گەڕاوەتـــەوە بـــە انـصافەوە، نمونــەی ئەمــە فــەرموودەی دوعای چوونە ناو ماڵەوە:

(اللهم إني أسألك خير المولج وخير المخرج) کــە تەصــحیحی کــردووە پاشــان لێــی گەڕایەوە.

## بەگەورە زانینی بۆ بیرو باوەڕی سەلەف و بەرنامەکەیان:

شــێخ (ڕەحمـــەتی خـــوای لێ بێـــت) ڕێگایــەکی زۆری گرتۆتــە بــەر بــۆ ڕوون کردنەوەی بیروباوەڕی پێشینە چاکەکان وبەرگری کردن لێی، ئــەوە بــوو (مختـــصر العلـــو)ی ئیمـامی(الـــذهبي) بـۆ خـەڵکی تەخریج کردوو لەناویشیدا ئەو پێشەکی یە بەسودەی بۆ نووسی لە ڕوونکردنـەوەی بیروباروەڕی پێشینەکانی ئـەم ئوممەتـەو ڕوونکردنـــەوەی لـــە ڕێـــی دەرچـــوونی دوژمنانیان و گومڕاییان، وە پەرتووکەکەی (تحذير الساجد من اتخاذ القبور مـــساجد)ی دەرکـرد کـە ئاگـاداری زۆر لـە کـردەوەی هاوبەش بڕیاردەرانی کردووە کە هاتۆتـە ناو موسڵمانان لە دروست کردنـی خـانوو لەسەر گـۆڕو پاڕانـەوە لـە پیـاو چـاکان و مـردووان و قوربـانی کـردن ونـەزر کـردن لەسەریان.

وە دەربـــارەی بەرنامـــەی ســـەلەف و تێگەیشتنیان بۆ قورئان و سوننەت شـێخ (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە گـەورەترین کـەس بـوو بـۆ دەسـت گـرتن پێـوەی و بانگـەواز کـردن بـۆی لـــە پـــەرتووك و کاسـێتەکانی، وە ئـەم ئایەتـەی قورئـانی پیرۆزی کرد بوو بە دروشـم بـۆ خـۆی کـە خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿وَمَن يُشَاقِقِ الرَّسُولَ مِن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَـــهُ الْهُدَى وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ نُوَلِّهِ مَـــا تَوَلَّى وَنُصْلِهِ جَهَنَّمَ وَسَاءتْ مَصِيراً﴾ [النساء: ١١٥].

واتــە: هەرکەسـێك سەرپێـچی فــەرمانی پێغەمبەر ﷺ بکات و دژایەتی بکات پاش ئــەوەی کــە دینــی بــۆ ڕوون و ئاشــکرا بۆتـــەوەو شـــوێنی ڕێگـــای جگـــە لـــە بـــاوەڕداران (ســـلف) بکـــەوێت، ئـــەوا دەیگەیـــەنین بـــە کـــافران و گومڕایـــان و دەیکەینـە دۆزەخـەوەو سـزای سـەختی دەدەیـــن کـــە دۆزەخـــیش خـــراپترین سەرەنجامە کە خەڵکی بۆی بڕوات.

## پەرتووكەو دانراوەكانی:

زۆرن‌و بەسوودن سوپاس بۆ خوای گەورە، نەزانراوە شتێكی دووبارەی هەبێت یاخود لێكۆڵەرو توێژەر بتوانێت واز لەو زانیاریانەی ناو پەرتوكەكانی بهێنێت، وە ژمارەی ئەو پەرتووكانەی كە چاپ كراون نزیكەی چل(٤٠) پەرتووكە لە نێوان تحقیق‌و دانراودا، وە بەناوبانگترین پەرتووكەكانی (سلسلة الأحاديث الصحيحة وسلسلة الأحاديث الضعيفة).

* وە زیاتر لەدوو سەد(٢٢٠) پەرتوكی لە دوای خۆی جێ هێشتووە كە تەنها(معجم الحديث النبوي) چل(٤٠) بەرگە، وە(مجموع فتاوى الشيخ الألباني ومحاضراته) كە نزیكەی سی(٣٠) بەرگە.

## چالاكی لە بانگەواز كردن‌و سەردانی:

شێخ (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) تەنها بە بانگەواز كردن‌و نوسینەوە ڕانەدەوەستا بەڵكو دەرچوون بۆ لای خەڵك‌و بانگەواز كردنیان‌و سەردانی كردنیان لە وڵات‌و شارو گوندەكانیان زیادی كرد، لە كاتێدا لە شام بوو دەچوو بۆ حەلەب‌و حەمات‌و ادلب‌و جگە لەمانە، شێخ هەموو هەفتەیەك دەچوو بۆ لایان بە پاسكیل كە ماوەی نێوان دیمەشق بۆ لای ئەوان چل‌و پێنج(٤٥) كیلۆمەتر بوو.

وە شێخ (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) بۆ بانگەواز كردن بۆ لای خوای گەورە چووە بۆ ئیسپانیاو ئەڵمانیا وبەریتانیا ومیسر ومەغریب كۆیت‌و ئیمارات‌و قەتەرو هەموو ناوچەكانی سعودیە گەڕاوە، وە لە ئوردونیشدا بە هەمان شێوە بوو، وەسێ ساڵ لەالجامعة الإسلامية بالمدينة المنورة دەرسی وتۆتەوە، وە هەڵبژێردراوە بە ئەندامی ئەنجومەنی باڵای ئەو زانكۆیە، وەلە ساڵی ١٤١٩ك/ ١٩٩٩ز خەڵاتی مەلیك فەیصەڵی جیهانی بۆ توێژینەوەی ئیسلامی پێ دراوە وەكو ڕێزلێنانێك لە كۆششەكانی لە خزمەت كردنی فەرموودە وسوننەت.

## پێ ناخۆش بوونی بۆ مەدح كردنی:

شێخ (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) پێی خۆش نەبوو كەس مەدحی بكات بە تایبەتی بەرەو ڕووی خۆی، وە هەموو كتابەكانی لە پێش ناوی خۆیدا شێخی پێوە نییە، جارێكیان(ابراهيم شقرة) لە پێش چاوی خۆی مەدحی كرد دەستی

کرد بە گریان، وە جارێکی تر یەکێکی تر مەدحی کرد دەستی کرد بە گریانو قەدەغەی کرد مەدحی بکات، وە جارێکیان چەند برایەك لە بەنگلادش لە ئەهلی حەدیث هاتن بۆ لایو ووتیان ژمارەمان نزیکەی چوار ملیۆنەو پێمان خۆشە شێخ سەردانمان بکاتو یاریگەیەکمان ئامادە کردووە جێگای زۆرێکمان دەبێتەوە بۆ گەیشتن پێیو گوێ گرتن لێی، بەڵام شیخ بانگ کردنەکە ڕەت کردەوە!! پێیان ووت: شێخ تەنها یەك هەفتەیەکە، دیسان ڕەتی کردەوە، پاشان ماوەکەیان کەم کردەوە بۆ سێ ڕۆژ، دیسان ڕەتی کردەوە، پاشان کەمیان کردەوە بۆ یەك ڕۆژ، دیسان شێخ ڕەتی کردەوە، پاشان لە کۆتاییدا ووتیان: شێخ تەنها یەك ووتارمان بۆ بدەو پاشان هەر بەو فڕۆکەیەی کە پێی دێیت هەر بەهەمان فڕۆکە بگەڕێرەوە، دیسان شێخ ڕەتی کردەوە، ئەوانیش ڕۆیشتنو زۆر سەیریان هات لە ڕەتکردنەوەی شێخ، پاشان پرسیار کرا لە شێخ هۆی ڕەت کردنەوەت چی بوو؟! وەڵامی دایەوەو فەرمووی: ئایا گوێت لێ نەبوو چی ووت؟ ئایا گوێت لێ نەبوو ووتی: چوار ملیۆنن؟ بیخەرە پێش چاوی خۆت من ووتار بۆ ئەم ژمارەیە بدەم ئایا ئەمین بم لە نەفسی خۆم کە تووشی ڕیا نابم؟!!).

وە ئەمە وانەیەکی زۆر گەورە بوو لە شێخەوە بۆ قوتابیانیو بۆ هەموو خەڵکی لە خۆ دوورخستنەوە لەو شوێنانەی کە مرۆڤ بە هیلاك دەبەن.

### گریانی:

شیخ (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دڵی ناسك بوو، فرمێسکی زۆر بوو، خێرا دەگریاو خۆی بۆ ناگیرا، بۆ نمونە: ئافرەتێکی جەزائیری بۆی گێڕابووەوە کە لە خەویدا بینیویێتی شێخ پرسیاری ئەو ڕێگەیەی کردووە کە پێغەمبەر ﷺ گرتویەتییە بەر، نیشانی دراوەو ئەویش بە شوێن هەنگاوەکانی پێغەمبەردا ﷺ دەڕۆیشتو هەڵەی ناکرد، شێخ دەستی کرد بە گریان.

وە یەکێك لە برایان بۆی باس کردبوو کەوا پێغەمبەری ﷺ لە خەودا بینی بوو پرسیاری لێ کردبوو کە ئەگەر شتێکی لە فەرمودە لێ ئاڵۆز بوو پرسیار لە کێ بکات؟ پێغەمبەر ﷺ فەرموو بووی:

**لە(**محمد ناصرالدين الألباني**) بپرسە، نزیك نەبوو پیاوەكە قسەكەی تەواو بكات شێخ دەستی كرد بە گریانو گریانێكی گەورە گریاو ئەم ووتەیەی دووبارە دەكردەوە:** (اللهم اجعلني خيراً مما يظنون، واغفر لي مالا يعلمون**).**

**واتە: خوایە باشترم بكەی لەو گومانانەی كەوا خەڵكی پێمی دەبەن، وە لێم خۆش بیت لەو تاوانانەی كە ئەوان نایزانن.**

## خێزانەكان و منداڵەكانی:

**شێخ (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) چوار ژنی هێناوە لە یەكەمیان:** عبدالرحمن و عبداللطيف وعبدالرزاق **ی لێی بووە، وە لە دووەمیان:** عبدالمصور وعبدالمهيمن ومحمد وعبدالأعلى وأنيسة وآسية وسلامة وحسانة وسكينة ى **لێ بووە، لە سێیەمیان:** هبة الله **ی لێ بووە، وە لە چوارەمیان كە(**ام الفضل**) ە وەتا لە ژیاندا ما لەگەڵیدا بوو هیچی لێ نەبوو.**

## وەسف كردنی زانایان بۆی:

**زانایانی سەر زەوی لەم سەردەمەدا شایەتیان بۆی داوە بەوەی كە شێخ** ناصرالدين الألباني **هەڵگری ئاڵای سوننەتەو سەروەری زانایانە، شێخ (ابن باز) (ڕەحمەتی خوای گەورەی لێ بێت) دەربارەی دەفەرمێت: لە ژێر ئاسماندا نەمزانیوە كەسێكی تر زانا بە فەرموودە هەبێت لەم سەردەمەدا وەكو زانای پایە بەرز** محمد ناصرالدين الألباني.

**هەروەها دەفەرمێت: شێخ ئەلبانی لای ئێمە ناسراوە بە چاكی عەقیدە[1] و ژیاننامە و پیشتیوانی كردنی بۆ مەزهەبی سەلەفی صاڵەح و پەیڕەو كردنی.**

**شێخ (**محمد بن صالح العثيمين**) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) وەسفی كردووەو**

---

(١) جێگای سەرسوڕمانە ئەم هەموو زانا گەورە پایەبەرزانە شایەتی بۆ شێخ ئەلبانی دەدەن و وەسفی دەكەن كەچی كەسانێكی حیزبی هەن بۆ هەڵخەڵەتاندنی گەنجان بانگەشەی ئەوە دەكەن كە ئەوانیش شوێن كەوتوی ئەم زانایانەن، بەڵام لەهەمان كاتدا تانەو تەشەر لە شێخ ئەلبانی دەدەن وپەرتوكی ئەو كەسە نەزانانە بڵاو دەكەنەوە كە بە شێخ ئەلبانی دەڵێن مورجیئەیە!! ئایا ئەگەر شێخ ئەلبانی مورجیئە بێت ئەم كەڵە زانایانە بەم شێوازە وەسفی دەكەن؟؟!! لەكاتێكدا ئەگەر لە بابەتێكی فیقهیدا بۆچونیان لێك جیاواز بێت بە ئەدەبەوە باسیان كردووە، ئەی ئەگەر لە عەقیدەدا پێچەوانەی ئەوان وئەهلی سوننە بوایە چۆن باسیان ناكرد ودەیان شاردەوە وخۆیان گوناه بار دەكرد بۆ قیامەت؟! با ئەو كەسانە لە خوا بترسن وچی دی خۆیان وخەڵكی تریش فریو نەدەن وهەڵنەخەڵەتێنن.

دەفەرمێت: ئەم پیاوە شارەزایە لە فەرموودەداو تێڕوانینێکی فراوانی هەیەو قەناعەت کردنی بەهێزە، وە زۆر سورە لەسەر کارکردن بە سوننەت ودژایەتی کردنی بیدعە ئیتر لە بیروباوەڕدا بێت یان لە کارکردندا.

شێخ (حمود التويجري) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمێت: الألباني نیشانەیە لەسەر سوونەت وە تانەو تەشەردان لێی یارمەتی دانە بۆ تانەو تەشەردان لە سوننەت.

شێخ (محب الدين الخطيب) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمێت: الألباني لەبانگخوازانی سوننەتە کەژیانی تەرخان کرد بۆ کارکردن بۆ زیندووکردنەوەی سوننەت.

شێخ (مقبل بن هادي الوادعي) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمێت: پرسیار لەمن ناکرێت دەربارەی ئەو، بەڵکو پرسیار لەو دەکرێت دەربارەی من، پاشان دەفەرمێت: ئەوەی کە باوەڕم پێیەتی ودینداری پێ دەکەم بۆ خوا ئەوەیە کە شێخ محمد ناصرالدين الألباني خوا بیپارێزێت یەکێکە لە نوێ کەرەوەکانی دین، وە ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر ﷺ دەیگرێتەوە کە دەفەرمێت:

**(إن الله يبعث لهذه الأمة على رأس كل مئة سنة من يجدِّد لها أمر دينها)**[٢].

واتە: خوای گەورە هەموو سەد ساڵ جارێك یەكێك دەنێرێت تا كاروباری دینەكەی بۆ ئەم ئوممەتە نوێ بكاتەوە.

د.محمد بن لطفي الصباغ دەفەرمێت: شێخ ئەلبانی گەورەترین فەرموودەناسە لەم سەردەمەدا.

شێخ عبدالله بن عبدالرحمن البسام مامۆستا له المسجد الحرام وئەندامی دەستەی گەورە زانایان دەفەرمێت: ئەمڕۆ ئەو لە پێشەوایانی ئەم سەردەمەیە، گیان ومالٚ وكۆششی تەرخان كردووە بۆ خزمەت كردنی سوننەت.

وەچەندەها زانای تر وەسفی شێخ ئەلبانیان كردووە كە لێرەدا بواری باس كردنی نییە تەنها ناوی هەندێكیان دەهێنین، لەوانە: الشيخ محمد بن إبراهيم آل الشيخ مفتي المملكة العربية السعودية سابقاً، واللجة الدائمة للبحوث العلمية

---

(٢) (سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٥٩٩، صحيح الجامع الصغير: ١٨٧٤، وصحيح سنن أبي داود: ٤٢٩١).

والإفتاء بالمملكة العربية السعودية، وسماحة الشيخ عبدالعزيز آل الشيخ مفتي المملكة العربية السعودية، والمحدث العلامة حماد الإنصاري، والمحدث الهندي عبدالصمد شرف الدين، والمحدث محمد علي آدم الأثيوبي، والمحدث عبدالمحسن العباد البدر، والشيخ العلامة أحمد بن يحيى النجمي، ومعالي الشيخ صالح بن عبدالعزيز آل الشيخ، والشيخ عبدالله بن سليمان المنيع رئيس محكمة التمييز بمكة وعضو هيئة كبار العلماء..............

## وورد بینی لە پەیوەست بوون بە مەوعیدەوە:

ابو سلام صالح طه –كە یەكێكە لە قوتابییە نزیكەكانی شێخ– دەفەرمێت: شێخ (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) پەروەردەی دەكردین لە وردبینیو پەیوەست بوون بە مەوعیدەوە، بۆ نمونە ئەگەر دەعوەتم بكردایە یاخود لەگەڵیدا بڕۆیشتمایە بۆ دەعواتێك نە دوا دەكەوت نە زووتر دەڕۆیشت لە كاتی دیاری كراوی خۆی، وە دەیفەرموو ڕۆیشتن پێش كاتی خۆی وەك دواكەوتن وایە لە كاتەكە، چونكە دواكەوتن لە كاتەكە زیان بە خاوەن ماڵو میوانیش دەگەیەنێت، وە زوو ڕۆیشتن خاوەن ماڵ دەشڵەژێنێت، جارێكیان دەعوەتم كرد لە كاتژمێر یەكی نیوەڕۆ ئەویش بە ئۆتۆمبیلەكەی پێش كاتژمێر یەك گەیشت بە (١٥) خولەك بەڵام لە ناو ئۆتۆمبیلەكەی مابووەوە دانەبەزی بوو تا كاتی دیاری كراو، وە منیش نەمزانی كە شێخ چاوەڕێ دەكات بەڵام ئەوانەی كە لەگەڵید بوون بۆیان باس كردم، وە دواتر كە پرسیارم لە شێخ كرد فەرمووی: چونكە لەوانەیە تۆ پێش كاتی دیاری كراو سەرقاڵ بیت بە خۆ ئامادە كردن بۆ پێشوازی لە میوانەكان، ئەگەر ئێمە بهاتینایە پێش كاتی دیاری كراو سەرقاڵمان دەكردیت لە كارەكەتدا، ڕەحمەتی خوا لە شێخ بێت چەندە وردەكار بووە لە كارەكانیدا وە چەند سوور بووە لەسەر كاركردن بە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ .

وە ئەگە شێخ دەعوات بكرایە كەسی لەگەڵ خۆی نابرد تا ڕوخسەتی لە خاوەن ماڵ وەرنەگرتایە، وە جارێكیان دەعوەتم كرد پێم ووت: ئەی زانامان بۆ خواردنی نیوەڕۆ لە ماڵی ئێمە دەعوەتن، وە من

مەبەستم خۆیو خێزانەکەی (أم الفضل) بوو، لە ڕۆژی داهاتوودا بەتەنها خۆی هات، منیش ووتم ئەی (أم الفضل) کوا؟ ئەویش فەرمووی: تۆ پێت نەووتم کەلەگەڵ خۆم بیهێنم وە ئێمەش پەیوەستین بە ووردەکاری لە قسە کردندن.

## سوور بوونی لەسەر کاتەو قۆستنەوەی:

ابو إسلام دەفەرمێت: شێخ (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) کاتی بە فیڕۆ نەداو سوودی لێ وەردەگرت، ئێمە ئەگەر بچووینایە بۆ لای لە کتێبخانەکەی سەری بەرز ناکردەوە لە پەرتووك خوێندنەوە تا نەچووینایەتە ژوورەوەو سەلاممان لێ نەکردایە، ئەویش وەڵامی سەلامەکەی دەدایەوەو تەوقەی لەگەڵمان دەکردو بەخێرهاتنی دەکردین، پاشان داوای لێ دەکردین ئەو پرسیارانەی کە هەمانە ئاراستەی بکەینو ئەویش وەڵامی دەدایەوە، وە کە پرسیارەکانمان تەواو بوایەو بڕۆیشتینایا دەستی دەکردەوە بە پەرتووك خوێندنەوە.

## کارکردنی بە زانیاری:

ابو إسلام دەفەرمێت: زانامان (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فێری دەکردین کە کار بە زانست بکەین وە خۆی بەم شێوەیە بوو، بۆ نموونە لە پاش تەمەنی هەشتا ساڵی شێخ پارێزگاری دەکرد لەسەر بەڕۆژوو بوونی ڕۆژانی دووشەممەو پێنج شەممە، لە کاتێکدا زۆرێك لە ئێمە کە گەنج بووین پارێزگاریمان لێ ناکرد ئەمیش هانی دەداین کە ئێمەش بەڕۆژوو بین.

## سووربوونی لەسەر تێگەیشتنی بۆ قورئانو سوننەت بە تێگەیشتنی پێشینە چاکەکانی ئوممەت:

ابو اسلام دەفەرمێت: شێخ هەمیشە دەیفەرموو: زۆرن ئەوانەی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە دەست گرتوون بە قورئانو سوننەتەوە، بەڵام لە قورئانو سوننەت تێ ناگەن بە تێگەیشتنی پێشینە چاکەکانی ئوممەت، ئەو کەسەی سەرفرازی دەوێت لە دونیاو دواڕۆژداو ڕاستگۆیە لەوەی دەڵێت: (من لەسەر بەرنامەی هاوەڵانم) ئەو کەسەیە کە دەست دەگرێ بە قورئانو سوننەت بە تێگەیشتنی پێشینە چاکەکانی ئوممەت.

لـه دوا وەسـێتی کـە وەسـێتی شـێخ بـۆ فێرخوازانی زانستی شەرعی بوو لە پـێش کۆچـی دوایـی کردنـی کـە فـەرمووی: ئامۆژگاریتـان دەکـەم بـە زانـستی سـوود بــەخش و کــرداری چــاك، وە زانیــاری سوودبەخش بریتی‌یە لە قورئان و سوننەت بــە تێگەیــشتنی پێــشینە چــاکەکانی ئوممەت، وە کـردەوەی چـاکیش ئەوەیـە کە بۆ خوا بێت و لەسەر سوننەت بێت.

### ئارام گرتنی لەسەر بانگەواز:

ابــو إســلام دەفــەرمێت: هــەرکاتێك فیتنەکان سـەخت بوونایـە و هیمـەت لاواز بوایــە دەچــوم بــۆ لای شـێخ و لــە لای دادەنیشتم و باسی ئەوەم بۆی دەکرد کـە تووشــی بوومــە لــە لایــەن بیدعەچــی و خاوەنی هەواو ئارەزووەکانەوە، شێخیش بــە هــەموو ئاســاییەکەوە ئامۆژگــاری دەکــردم و دەیفــەرموو: پەڵــە هەورێکــە دەڕوات و نامێنێت وە چەند نمونەیەکی لە قورئــان و ســوننەت بــۆ بــاس دەکــردین لەســەر ئــارامگرتن و دامــەزراوی لــە کــاتی فیتنــەدا، ئێمــەش کــە لــە لای شــێخ دەردەچووین دڵمان پڕ بوو لە عەزیمـەت و هێـز لەسـەر بانگـەوز کـردن و دامـەزراوی لەسەر حەق.

### خواپەرستی:

شـێخ (ڕەحمـەتی خـوای لێ بێـت) زۆر سور بووە لەسەر خواپەرستی، بـەردەوام لـە زسـتان وهاویـندا ڕۆژانـی دووشـەممە وپێنج شەممە بـەڕۆژوو بـووە، وە نوێـژی سـوننەتی زۆر بـووە، کاتێـك لـە ڕۆژانـی هەینی بچوایەتە مزگەوت بەردەوام نوێژی سوننەتی دەکرد دوو رکات دوو رکـات تـا ئـەو کاتـەی کـە ئیمـام دەچـووە سـەر مینبــەر، وە ئەگــەر بیتوانیایــە هــەموو ساڵێك حەج وعومرەی دەکرد، وەساڵی وا هــەبووە دوو جـار عـەمرەی کـردووە، وە زیاتر لە سی(٣٠) حەجی کردووە.

### نەخۆشی و مردنی:

شێخ (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە ماوەی کۆتــایی ژیانیــدا تووشــی چــەند نەخۆشییەکی ئازاراوی بوو کە بە هۆیەوە کێشی دابەزی تا لە ڕۆژی مردنیدا کێـشی گەیـشتە کـەمتر لـە(٣٠) کیلـۆ گـرام، وە خوای گـەورە ڕێـزی لێ نـا بـە پـاکی بـیرو هۆشی و تێکـەڵ نـەبوون و تێـك نەچـوونی بیرو هۆشی وە میـوان و سـەردانی کـارانی

دەناسییەوە، وە زۆربەی کاتەکەی لەناو جێگادا بوو وە لەو کاتانەی توانای هەبوایە ئارامی ناگرت لە لێکۆڵینەوەو خوێندنەوە، وە ئەگەر ئەمەیشی نەتوانایە ئەوا فەرمانی دەکرد بە یەکێك لە کوڕەکانی یان ئەوانەی لە لای بونایە بەوەی کە پەرتووکێکی دەست نیشان کراوی بۆ ئامادە بکاتو بۆی بخوێنێتەوە، وە لە ڕۆژەکانی کۆتایی ژیانیدا زۆربەی کات ئاگای لە خۆی نەما بە تایبەتی لە شەوی پێش مردنەکەی هەتا ئەجەل پێی گەیشتو لە شاری عەممان لە ئوردن پێش خۆرئاوا بوونی ڕۆژی شەممە کە هەشت ڕۆژی مابوو لە مانگی جمادی الآخرة ساڵی ١٤٢٠ك بەرامبەر ١٩٩٩/١٠/٢ز وە خەڵکێکی زۆر هەر ئەو ئێوارەیە نوێژیان لەسەر کرد کە ژمارەیان لەپێنج هەزار (٥,٠٠٠) کەس زیاتر بوو هەرچەندە شێخ لەبەر وەسێتەکەی خۆی خێرا بە خاك سپێردراو خەڵکی ئاگادار نەبوو.

کە ئەمەیش تەئویلی ئەو خەوانە بوو کە خەڵکانێکی چاك لەچەند شوێنو کاتێکی جیاوازدا بینیبویان پێش چەند مانگێك کە: دوو ئەستێرەی گەورە لەبەرزی ئاسمانەوە ئاسۆیان پڕ کردبوو لە ڕووناکی لە ناکاو یەکێکیان بەربوەوەو پاشان ئەوی تریش بە دوایدا(کە شێخ ابن بازو پاشان شێخ ئەلبانی بوون).

هەر لەوێ بە خاك سپێردرا.

خوایە لێی خۆش بێتو گۆڕەکەی بۆ فراوان و ڕوناك بکەیتەوە.

## بەشێکی لە وەسێتنامەکەی

## بسم الله الرحمن الرحیم

وەسێت دەکەم بۆ خێزانەکانمو منداڵەکانمو هاوڕێیانمو هەموو خۆشەویستانم کە ئەگەر هەواڵی کۆچی منیان پێ گەیشت داوای لێخۆش بوونو ڕەحمو بەزەیم بۆ بکەن لە خوای گەورە.

یەکەم: وە شیوەنم بۆ نەکەنو بە دەنگی بەرز بۆم نەگرین.

دووەم: پەلە بکەن لە بەخاك سپاردنم وە خزمو برایانم ئاگادار مەکەنەوە تەنها ئەوەندە نەبێت کە بۆ ئامادە کردنم نەبێت، وە با دراوسێو هاوڕێی دڵسۆزم(عزت خضر عبدالله) بمشۆرێت وە هەرکەسێکی تر کە ئەو هەڵی دەبژێرێت بۆ یارمەتی دانی بۆ ئەم کارە.

**سێیەم: با لە نزیکترین گۆڕستان بەخاکم بسپێرن تاوەکو خەڵکی ناچار نەبن بە هەڵگرتنی جەنازەکەم بۆ ناو سەیارەو خەڵکیش ناچار نەبن بەسەیارە دوای جەنازەکەم بکەون، وە لە گۆڕستانێکی کۆندا بەخاك بسپێردرێم گومان وا بێت کە دواتر هەڵنادرێتەوە.**

**وە وەسێت دەکەم بۆ ئەو کەسانەی کە ئامادەن با هەواڵ بە کەس لە دەرەوەی وولات نەدەن لە منداڵەکانم سەرەڕای جگە لەوان ئیلا لە پاش بەخاك سپاردنم نەبێت تا سۆز زاڵ نەبێتو ئیشی خۆی بکاتو ببێتە هۆی دوا خستنی بەخاك سپاردنم.**

**وە وەسێت دەکەم پەرتوکخانەکەم ئەوەی چاپکراوەو ئەوەی کۆپی کراوەو ئەوەی دەست نووسە بە خەتی خۆم یان جگە لە خۆم بۆ پەرتوکخانەی زانکۆی ئیسلامی بێت لە** (المدينة المنورة) **چونکە یادگاری خۆشم هەیە لەوێ لە بانگەواز کردن بۆ قورئانو سوننەت بە تێگەیشتنی پێشینە چاکەکانی ئوممەت لەو کاتەی کە لەوێ مامۆستا بووم.**

## **سەرچاوەکان**:


١- الإمام الألباني، حياته، دعوته، جهوده في خدمة السنة، تأليف: محمد بيومي.

٢- حياة الألباني وآثاره وثناء العلماء عليه، تأليف: محمد بن إبراهيم الشيباني.

٣- الدر الثمين في ترجمة فقيه الأمة العلامة ابن عثيمين، جمع وإعداد : عصام عبد المنعم المري.

٤-دور العلامة ا لألباني وتميزه في علم الحديث والدعوة السلفية، تأليف : إبراهيم خليل الهاشمي.

٥- مع شيخنا ناصر السنة والدين في شهور حياته الأخيرة، بقلم: علي بن حسن بن علي الحلبي الأثري.

٦- **شێخی ئەلبانی ژیان نامەو شوێنەوار وسەنای لەلای زانایان، ئامادە کردنی** أبو مسلم الأرياني.


وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.